# میدیای هەڵبژاردن و هەژموونی شۆڤێنیزمی عەرەبی

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

بەداخەوە تاهەنووکە کورد وەکو مێدیا و رۆژنامەوانی خاوەنی ڕەشوەی ئەم هەڵبژاردنە نیەو یەك رێکلاممان نیە بەکوردی کە کوردەکان لە شارێکی وەکو بەغدا یان سلێمانی یان هەولێر یان کوردانی هەندەران پێی دڵخۆش بن لە کاتێکدا ریکلامەکان سەرجەمیان عەرەبین و بۆ ئێمەی کورد دۆبلاژ ئەکرێتەوە وەك بڵێی کورد مێدیایەکی نیە ئەو جۆرە ریکلامانە بەرهەم بهێنێت، ئەم پاشکۆبوونە میدیاییە درێژەی هەمان پاشکۆبوونی سیاسی و حیزبی ئێمەیە بەرانبەر بە دەوڵەتی نوێی عێراق کە دەسەڵاتی کوردیی سەرسەختانە هەوڵ بۆ بنیادنانەوەی ئەدەن و درێژەی ئەو هەستکردن بە غوبن و خۆ بەکەمزانینەی جەستەی سیاسی ئێمەیە بەرانبەر بە عەرەب، دیارە بەوحوکمەی کە کۆمیسیاری باڵای هەڵبژاردنەکان بێلایەنە ! دەبێت دروشم و ریکلامەکانیش وەك خۆی بێلایەنانە بگەیەنێت بە تاکی عێراقی بەپێی ئەو زمان و فەرهەنگە رەسمیانەی لە وڵاتەکەداهەیەو بۆ ئەم مەبەستەش زمانی کوردی کراوەتە زمانی رەسمی تەواوی فەرمانگەو میدیاکان بەپێی بریاری ئەنجومەنی حوکم و یاسای کاتی خۆبەرێوەبردن هاوشانی زمانی عەرەبی کەچی کاری پێ ناکرێت و پشتگوێ ئەخرێت (دەنگت ئایندەیە) کام ئایندە ؟ ئەو ئایندەیە بۆ کوردو بۆ کەرکوك و خانەقینە یان بۆ موجامەلەی عێراقیەکانە؟ کۆی ئەو ریگلامانەی گوزارشت لە خێزانی عەرەبی ئەکات بۆ دەنگدان و دواتر تیڤیەکانی ئێمە ئەیکوردێنن و شەوانەش دائەبەزن چی ئەگەیەنێت جگە لە چەند بارە خۆخستنە باوەشی سێنتراڵێکی پروکێنەری بەغداد دوبارە گەرانەوەیەکی شەرمنانەی بێ ستراتیج بۆ ئەدەبیات و هەژموونی شۆڤێنیزمی عەرەبی؟ سەرنج بدەن : حکومەتی نوێی عێراق تاقە کەناڵێکی نەکردۆتەوە بۆ کورد کە نەتەوەی دووەمە پاش عەرەب لە عێراقدا ئیتر کام ئایندە؟ یەك میدیای رەسمی عێراقم پێ بڵێن وەك شەرقیەو عراقیەو حرەو دەنگی دیجلە و بڵاوکراوە جیداریەکانی بەغداو شارەکانی تری عێراق کە یەك جار ووشەیەکی کوردی بدەن بە گوێماندا، لە یەك ریکلامدا کە شەرمە بۆ ئێمە پیشان ئەدرێت کوردێکی ناشیرینی خەنجەر بەپشتێنی خێڵەکی شاخی دەر ئەکەوێت و ئەکرێتە سیمای هەمووکورد، بۆیە هەر لەم سەرەتایەوە جۆرە پەراوێزییەك ئەبینرێت بۆ زمان و ووشەی کوردی، کاتێ ئەم هەڵبژاردنە تەندروست ئەبێت کە سەرکردایەتی سیاسی کوردی بە ئاراستەی توّخ کردنەوەی ئەزموونی پێشودا مامەڵەی بکات نەك واز هێنان لەو وێسگە گرنگەی ئەزمونی پێشوو کە نەیارانی کوردو شۆڤێنیزمی عەرەبی دەخوازن ئەو خەون و ئەزمونەمان زیندەبەچاڵ بکەن، ئێمە بەدرێژایی 14 ساڵ توانیومانە جۆرێك لە میدیای ئازادانەی کوردی بنیاد بنێین و خاوەنی رەوتێکی تارادەیەك پێشکەوتووین لەبواری رۆژنامەوانی و میدیاداو مۆرکی تایبەتمان هەیەو حەقە ئەم مۆرکە تەنها لە کوردستان و بۆ گوندو گەرەکە کوردیەکان قەتیس نەبێت بەڵکو وەکو خۆمان بوینەتەوە بەعێراقی با میدیاو دەنگ و ئاوازو ئەدەبیاتی راگەیاندنەکانیشمان بە عێراقی بکرێت و ئەو کەناڵە عەرەبیانەی بەغدا ناچار بکرێن ریگلام و بەرنامەی کوردیان هەبێت، ئایا ئەوان ئەتوانن ئەم کارە بکەن یان باوەرییان بە پرەنسیپێکی هاوژیانی رۆژنامەوانی و فەرهەنگی لەم جۆرە هەیە؟ نازانم نوێنەرانی کورد لە بەغدا کاریان چییە؟ لێرەوە ئەوە ئەرکی سیاسیەکانی کوردە بۆ ئەم دیاردەیە هەرچەندە ئەم سیاسیانەی ئێمە قۆرخی راگەیاندنەکانی خۆمانیان کردووەوشەوانە مەدهۆش ئەبین بەو هەموو هەواڵە تەشریفاتی و پیاهەڵدان و بە ئەفسانەکردنانەی سەرۆك و سەرکردەکانمان و بە هەموو دەرکەوتنەوەیەکی ئەوان لە رۆژنامەو شاشەکاندا هەنگاوێك لە دیموکراسیەتەوە دوورو دە هەنگاو لە دیکتاتۆریەتەوە نزیك ئەکەوینەوە بێگومان ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو کولتورو ئەدەبیاتە جەبریەی بەعسە کە وەك سێبەر هێشتا ناتوانین لەخۆمانی دابرنین کە کاکە سەددام بۆ هەرکوێ بچووبایە کامێراکەی بەشوێنەوەبوو، شەوانەش میوانی هەموومان بوو،دەبێت بگەرێین بەشوێن شوناس و گوتاری کوردیدا بزانین هەمانە؟ ئایا کورد وەك حیزب و میزاجی سەرکردە مامەڵەی ئەم دۆخە سیاسی یە

مەدەنیە ئەكات یان وەك گوتارو رۆحی نەتەوە؟ ئەگەر وەك ستراتیج و رۆحی نەتەوە مامەڵە ئەكەن ئەوە قبوڵ ناكرێت كاتێ سادەترین شت بەگوێمان ناكرێت و یاوەرو عەللاوی نایانەوێت نانی ئێمە لە دوكان بخۆن نەوەك نمەك گیربن و لەبەردەم رۆژنامەوانە ئازاكانی كوردا ئیحراج بن بۆ سادەترین پرسیار؟ بێگومان حیزب هەموو شتێكی قۆرخ كردوەو سەرجەم گرەوەكانیش هەر لەدەستی حیزبدایەو ناوەندێكی یاسایی نەتەوەیی نییە وەك مەرجەعیەتێك بۆی بگەرێینەوە، ئەم غیابی ئەجێنداو مەرجەعە وا ئەكات ئێمە وەك كورد نەتوانین لەم تاقیكردنەوەیەدا سەركەوتوو بین چونكە بەرەی شۆڤێنیزم و ناسیۆنالیستی عەرەب سەرسەختانەو بەبەرنامەوە ئەیانەوێت هەژموونی خۆیان بسەپێنن ، ئەوان خەبات بكەن و نەیكەن هیلاكی بچێژن و نەیچێژن چ باكیان هەیە خۆ دەوڵەتەكەیان هەر دەوڵەتەو بۆیان راست ئەكرێتەوە، ئیتر باساتی سەد جار بووترێت كوردان عەقلانی و كاریگەرن و سەدام لەلایەن كوردەوە دەستگیركرا ؟! هەرچەندە خۆشبینیە سیاسیەكانی سەركردایەتی كوردی وەك جاران كەم نین كەچی دواجار ئێمە لەماڵی عەرەبدا ئەبینەوە بەمیوان و لەناو میدیای عەرەبیشدا خەریكە ئەخنكێین ئەوە هەر باسی كەناڵە فەزاییەكانی وەك عەرەبی و جەزیرەو ئەوانی تر مەكە كە رۆژانە وەك واعیز ئاوەژووی راستیەكان ئەكەنەوەو هەژمونی عەرەبی و شۆڤێنیەتی نیشتیمانی عەرەبیمان دەرخوارد ئەدەن و ئەوەی نای بینن ئالاكەی كوردو زمانە رەسەنەكەیەتی، ئەو تەعریبەی ئێستا هەیە جیایە لەو تەعریبە جوگرافی و دیموگرافیەی بەعس پیادەیكرد بەدرێژایی 35 ساڵ، ئەمەیان تەعریبێكی هێمن و چڕو فەرهەنگی و ریكلامیەو لەجیاتی ئۆردوی سەربازی و جبەخانەو عەسكەرتاریەت، دەسەڵاتی میدیا سەرپەرشتی ئەكات لەگەڵ كۆمەڵێك كچە نەشمیلی بێژەری چاوجوان، ئەم تەعریبە خۆبەخۆ دێتە نێو ماڵ و دوكان و ئۆفیسەكانمان وتێكەڵ بە یادەوەریمان ئەبێت لەبەرانبەردا جگە لە نووزەی رەخنەیەكی كزی هەندێك نوسەر هیچ فلتەرو بەرنامەیەكی حكومی و حیزبی كوردی نابینین و لەزۆر باردا تەسلیمیان بوین وەك پروپاگەندەكانی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان كەچی ئێمەش ئەوەندەی سەرگەرمی رێكخستنەوەی ماڵی عێراق و عەرەبین نیو هێندە ماڵی شپرزی كوردیمان ئاوەدان نەكردۆتەوە بۆ یە بەگومانم وە ئەترسم بۆ كورد گەمەیەكی خەتەرناك بێت ئەم گەمەی هەڵبژاردنە بەڵام هەر ئەبێت دەستی بدەینێ و جێگامان خاڵی نەبێت چونكە چارمان نیەو ئەم بێچاریەش كورد خۆی دروستی كردوە ئەگینا هەر لەسەرەتای پرۆسەی رزگاری 9 ی نیسانەوە دەمانتوانی بە گوتارەوە مامەڵەبكەین و وەك تەیموری رۆژهەڵات خۆی چارەنوسی سیاسی خۆی دیاری كرد بە ریفراندۆم و هەڵبژاردنی خۆجێی نەك گەلانی تری ئەندۆنیسیا، ئەو كاتە بۆ كورد سەنگ وم قورساییەكە زیاتر ئەبوو بەڵام ئێستا ئاسۆ سیاسیەكان زۆر ڕوون نین لەكاتێكدا لەهەمان ئاسۆوە دەستور دا ئەرێژرێت دواجار ئەمە پرسە گرنگەكەیە كە ئێمە نایزانین زەمانەت چیە لە دەستوردا كورد مافە مەدەنی و سیاسی و مێژووییەكانی پارێزراو بێت و پشتگیری لە دەوڵەتی فێدراڵی بۆ كورد بكرێت ئەگەر مافمان پارێزراو نەبوو فیدرالیەت نەچەسپی خودایە وانەبێت ! ئەوكاتە میدیاكانمان چی ئەڵێن تۆبڵێی ئەوكاتە پێویستمان بە فەرهاد سەنگاوی نەبێتەوە ؟!